وەزارەتی کشتوکاڵ: هاوردەکردنی پەلەوەر و بەرهەمی پەلەوەر لە 39 وڵاتەوە قەدەغەی دەکات



وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق بڕیارێکی دەرکرد بەهۆی بونی ئەنفلەنزای باڵندە، هاوردەکردنی پەلەوەری زیندو و بەستو، بەرهەمی پەلەوەر و هەمو جۆرە باڵندەیەکی لە 39 وڵاتەوە قەدەغە کرد و رایگەیاند، قەدەغەکردنەکە بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی وڵاتەکان لە نەخشییەکە پاکدەکرێنەوە.

د. مەهدی زەمد قەیسی ڕاوێژکاری وەزارەتی کشتوکاڵ ڕایگەیاند، بڕیارەکە قەدەغەکردنی هاوردەکردنی پەلەوەری زیندو و بەستو و بەرهەمەکانی لەخۆگرتوە، جگە لە باڵندەی جوانی، پەڕ، هەر بەرهەمێك کە پەلەوەر و بەرهەمەکانی تێدایە، لە 39 وڵاتەوە، کە گرنگترینیان بریتین لە تورکیا، میسر، ئێران، ئیتالیا، سوید، بریتانیایە.

دوپاتیشیکردەوە، بڕیارەکە کە لەسەر بنەمای داتای هەفتانەی ڕێکخراوی جیهانی بۆ تەندروستی ئاژەڵان (WOAH) بوە، جارجارە لەلایەن بەشی ڤێتێرنەری وەزارەتی کشتوکاڵەوە دەخرێتەڕو، کە ستایشی ڕێکاری بەرچاوی کرد لە پاراستنی تەندروستی بەکارهێنەران و سامانی نیشتمانی پەلەوەر و بەرهەمهێنەرانی وڵات لە ئەنفلەنزای باڵندە، کە بەردەوامە لە

مەترسی لەسەر تەندروستی گشتی.

ئەو راوێژکارەی وەزارەتی کشتوکاڵ، جەختی لە پێویستی پاپشتی و پاراستنی پێژەی ناوخێییەکانی پەلەوەر کردەوە، بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی ئابووری و تەندروستییان، بەرهەمە ناوخێییەکان سەلامەتتر و پارێزراوترن لە بەرهەمە هاوردەکراوەکان، هەروەها ڕێیان هەیە لە ڕەخساندنی هەلی کار بۆ کۆمەڵگەی بەرفراوانی کرێکاران لەم کەرتە گرنگەدا.

د. مەهدی زەمەد قەیسی ئاماژەی بەوەدا کە قەدەغەکردنەکە تەنها تەکنیکییە، چونکە پەیوەندییەکی تایبەتی بە حاڵەتەکانی ئەنفلەنزای باڵندەوە هەیە و پەیوەندی بە کەمی یان زۆری بەرهەمی ناوخێییەوە نییە، تا ئەو کاتەی وڵاتی توشبو کۆتایی بە مەترسی نەخۆشییەکە هاوەگەیەنێت و بە فەرمی لەلایەن ڕێکخراوی جیهانی تەندروستی ئاژەڵانەوە بەو شێوەیە هاوەگەیەنرێت، قەدەغەکردنەکە بەردەوام دەبێت.